

# ڕەنگەکانی ماسکارە بۆ ڕازاندنەوەی چاوەکانت

ماسکارە، بەشێکی گرنگی جوانکارییەکانی ماکیاژە، کە بە یەکێك لە سەرەکیترین هەنگاوەکان دادەنرێت، هەموو کچێك کاتێك ماکیاژێك دەکات، ئەگەر ماسکارەیەکی شیکی بۆ نەکات، ناگات بەو ئەنجامەی کە خۆی مەبەستیەتی، بۆیە پێویستە تۆی خانمیش هەمیشە ماسکارە لە نێو جەنتای دەستتدا بێت تا برژێکی درێژ و ڕەنگێکی جوانیش بە چاوانت بدات. وەك ئاشکرایە باوترین ڕەنگەکانی ماسکارە شین و ڕەشە، بەم دواییەش ڕەنگی سەوزیشی بۆ زیاد بووە، جگە لەوەی ڕەنگێکی ناوازەی تازە هاتۆتە نێو ڕەنگەکانی ماسکارە، کە بە ڕەنگی (بەرگندی) ناسراوە، ئەو ڕەنگە بۆتە یەکێك لە کێبڕکێی ڕەنگەکانی دیکەی ماسکارە، دوای سوواندنی لە چاوانت، سیحر و ئەفسوونێك لە جوانی چاوەکانت دەردەکەوێت، ئەو ڕەنگە هاوشێوەی سووری جەرگی و ڕەنگی ئاگر وایە، کاتێك بریقەشی لێدەدرێت دەبێت. وێڕای ئەوەی مارکەکانی ماسکارە گرنگییان بەو ڕەنگە داوە، لە ئێستادا لە زۆربەی بازاڕەکاندا ئەو جۆرە ماسکارەیە بەدی دەکرێت، بەتایبەت مارکەکانی (مارك جاکۆیس و لۆریاڵ پاریس و کریستیان لۆبۆتان)، هەوڵبدە بۆ جارێکیش بێت ماسکارەی بەرگندی تاقی بکەیتەوە، ئەوکاتە دەزانی چەندە شیك و ناسکە بۆ چاوانت.



# بازنی ناسک و ڕازاوە بۆ دەست و مەچەکی خانمان

ئێکسسوارەکان هەمیشە جێگەی سەرنج و جوانیی هەموانن، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ جل و شێوازی جەستە گونجاو و شیك دەبن، تۆش هەوڵبدە هەردەم جوانترین ئێکسسوارەکانت بە کەمترین نرخ و ماوە دەست بکەوێت، بەر لەوەی کەرەستەیەك بکڕی، سەرەتا دەبێ ئێکسسوارەکە دیاری بکەیت، لە شێوە و نەخشدا بزانە چیت دەوێت و پاشان کە گەیشتیتە ئەو شوێنە، چاوت لەو کەرەستانە بێت کە خۆت مەبەستتە. بارکلێت و دەستبەند و بازن، کۆمەڵێك ئێکسسوارن کە لە دەست دەکرێن، شێوەیان ناسك و سەرنجڕاکێشە، هەیانە باریك و وردن، هەروەها بەشێکی دیکەی گەورە و درشتن، ماوە ماوەش بەپێی وەرزەکان، شێوەی ئێکسسوارەکان گۆڕانکاری لە مۆد و شێوازەکەیاندا دەکرێ، ئەو ئێکسسوارانەی لە وەرزی هاوین و پاییزدا باو دەبێ، زیاتر گەورە و درشتن، پڕن لە نەخشی جۆراوجۆر، تا ناسکی و نەرمیی دەستەکان دەربخەن و دیار بن، ئەوانە کۆمەڵێك بارکلێتی جۆراوجۆرن، وەك دەستبەند و بازن لە دەست دەکرێن، دەتوانی بۆ ڕەنگی ئەو بارکلێتانە، ئەو ڕەنگانە هەڵبژێریت کە لەگەڵ پێستت دەگونجێ، یان دەتوانی لەگەڵ ڕەنگی جل و ماکیاژ و پرچت هاوڕەنگیان بکەیت.









# جینزەکان شایستەترین مۆدەکانی جلی پاییزن

جینز هەمیشە مۆدێکی باوە، لە ساڵانی زووەوە پۆشراوە و تا ئێستاش هەر جلێکی لێ دروست بکرێت، دەبێتە مۆدی سەردەم، لە مۆدەکانی ئێستادا جینزەکان لەگەڵ زۆربەی کەرەستەکانی دیکەدا وەك پانتۆڵ و چاکێت و کراس لەبەر دەکرێن. مۆدەکانی پێشووی جینز زیاتر لە لە ڕەنگی شین بوون، بەڵام دوای دەرچوونی پۆلێك لە جینزی جیاواز و هەمە چەشن، کە مۆدی تەنوورە و پانتۆڵەکانیشی لەخۆ گرتبوو، بەم جۆرە توانی بەسەر هەردوو مۆدە کێبڕکێکەی دیکەی زاڵ بێت و ببێتە جێی خواست و باو بێت لە لای زۆربەی خانمان، مۆدی جاران زیاتر جینزی کراوە و فراوان بوو، ئەوانەی ئێستا زیاتر لە شێوەی بەدی و جەستەگر و تەسکن، جگە لەوەش ماددەی لاستیك و مەتات دەخرێتە ناو پێکهاتەکەیەوە، بۆیە لەبەرکردنیشی خۆش و فەڕاحە، لە شێوە و ڕەواڵەتیشدا، ئەوەی ئێستا باون، نەخشی جۆراوجۆریان هەیە، لەوانە: بوونی نەخشی ڕەنگ لەسەر بەشی پێشەوەی پانتۆڵە جینزەکە، کە بە لیزەر ناسراوە، یان ئەوانەی سادەن و بێ نەخشن، تەنیا لە جینز دروست کراوە، وێڕای جۆراوجۆری لە ڕەنگی ئەو جینزانە، کە هەندێکیان لە شێوەی پانتۆڵە قوماشن، هەروەها لەسەر شێوەی تەنوورەش دروست کراون، کە خانمان دەتوانن جینز وەك خۆی و لە شێوەی پانتۆڵی قوماش و تەنوورەش لەبەر بکەن، ڕێنماییەکی تازەی پسپۆران بۆ جینز ئەوەیە، کە بەبێ پشتێن لەبەر بکرێت، تا نەخش و شێوازی ڕاستەقینەی خۆی بە ڕێکی و تەواوی دەربکات.



# ئارایشتی نەخش و نیگار بۆ ئاژەڵان و گیانداران

وێڕای دەرکەوتنی ئەو هەموو جۆرە ئارایشت و شێوە قژ داهێنانی بۆ مرۆڤ هاتۆتە ئاراوە، کە نەخش و نیگار و شێوەی سەیر بۆ قژەکان دەکرێت، ئێستا ئەو نەریتە بۆ ئاژەڵانی خۆماڵی گواستراوەتەوە، (میلۆدی هامەر)، سەرتاشێکە لە وڵاتی بەریتانیا و لە شاری (لانکشایر) دەژی، تەمەنی (٢٧) ساڵە، لە ئێستادا وازی لە کاری سەرتاشی بۆ مرۆڤ هێناوە و بەڵکو خەریکی ئارایشتکردن و تووکتاشینی گیانداران و ئاژەڵانی خۆماڵیە، لە ئێستادا ئارایشتگایەکی بەناوی (کلیپەر) داناوە، کە تایبەتە بە نەخش و شێوازی جۆر بۆ ئاژەڵان داناوە، تا ئێستا (١٢) جۆر نەخشی جۆراوجۆری بۆ ئاژەڵی خۆماڵی وەك : ئەسپ و مانگا و سەگ و پشیلە ئامادە کردووە، نرخی چاککردنی هەر ئاژەڵێك بە (٢٥) دۆلارە، کە نەخش و دیزاینەکانی بە خاوەنی ئاژەڵەکان نیشان دەدات و ئەوانیش یەکێکیان هەڵدەبژێرن.



## سەگە گەورەکەی جیهان بێ ڕکابەرە

ئەو سەگە، ئەوەندەی مرۆڤێك بەرز دەبێت، ئەگەر لەسەر دوو قاچی دواوەی بوەستێت، تەنانەت لە زۆربەی خەڵك درێژترە، ئەو سەگە ناوی (ئارنی گەورەیە)، تەمەنی (٥) مانگە، لەلایەن ئافرەتێکەوە بەخێو کراوە بە ناوی (جولی)، کاتێك جولی ئەو سەگەی لە خانەی ئاژەڵانی خۆماڵی بینیوە، هێناویەتە ماڵەوە و بەخێوی کردووە، بڕێکی زۆر شیری پێداوە، بەم چەشنە سەگەکەی کردۆتە گەورەترین سەگی جیهان کە هەم بێ وێنەیە و بێ ڕکابەریشە. ئارنی لە تەمەنی (٨) مانگیدا، (١٠) کیلۆگرام بووە، بەڵام ئێستا (٩٠) کیلۆگرام دەبێت. ئەو ئافرەتە لە شاری (ستونهاوس) دەژی کە دەکەوێتە باشووری لانارکشایر لە وڵاتی بەریتانیا، بەرزییەکەی دەکاتە (١٨٢) سەنتیمەتر. کە ڕۆژانە زیاتر لە نیو کیلۆ گۆشت دەخوات، لەگەڵ ماسی و هێلکە، هەندێ جاریش میوە و سەوزەش نۆش دەکات.

# سەرکێشیی دایکە یاریزانێک

ئافرەتانی خاوەن منداڵ، هەمیشە ڕووبەڕووی ئەستەمی و زەحمەتی لە کار و ئەرکەکانیان دەبنەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی بەرپرسیاریەتی و پێویستییەی منداڵەکانیانە بە دایك. ئەو یاریزانە بەریتانییەی کە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانە، وێڕای ئەوەی منداڵێکی هەیە کە بەندە بە خۆیەوە، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی بەشداریی پاڵەوانەتییەك نەکات، ئەو ئافرەتە ناوی (سۆفیا پاوەر)یە، کاتێك بەشداری لە پاڵەوانێتی ڕاکردن کردووە، کە پاڵەوانییەتیەکە بە درێژایی (١٧١) کیلۆمەتر و لە نێوان هەردوو وڵاتی بەریتانیا و ئیتاڵیا بووە، لە کورپەکەی خافڵ نەبووە کە منداڵێکی ساوای تەمەن (٣) مانگە و لە ماوەی پشووەکانیدا شیری بە منداڵەکەی داوە و بەبێ ئەوەی پشوو بە خۆی بدات، بە درێژایی کێبڕکێیەکە ئەو دایکە یاریزانە منداڵەکەی شیر داوە، لە هەمان کاتدا یاریزانەکانی دیکە خەریکی خواردن و خواردنەوە بوون لە کاتی پشووەکانیاندا، سەیریی ئەو دایکە یاریزانە لەوەدایە کە پلەی (٣)یەمی لە پێشبڕکێیەکەشدا بەدەستهێناوە.









## کتێب بۆ خواردن و خوێندنەوە

کتێبەکان بۆ خوێندنەوە و زانیاری وەرگرتن دروست کراون، بەڵام ئەو کتێبانە ڕەنگە بکەونە ژێر دەستت بە هەستێکی دیکەت پێ ببەخشن، چونکە ئەو کتێبانە بۆ خوێندنەوە نین، بەڵکو بۆ خواردنن، ئەو شاکارە یەکێکە لە کارە سەیرەکانی هونەرمەند و پەیکەرتاشی پۆڵەندی (پاوڵ پیترۆویسکی)، ئەو پڕۆژەیەی لە ژێر ناوی (هەست دەکەم برسیم)، ئەو جۆرە ساندویچە لە شێوەی کتێب دروست کراوە، ئەگەر لە وێنەدا سەیریان بکەیت، هەست ناکەی کە خواردنە، بە کتێب دێتە بەرچاوت، بەڵام لە ڕاستیدا خواردنە و دەتوانیت نۆشی بکەیت. ئەو جۆرە خواردنەی لە کتێبخانەیەك لەگەڵ چەند کتێبێك دانراوە، لەسەری نووسراوە: ئەگەر برسیتە کتێب بخۆ، گەر پێویستت بە زانیارییە بیانخوێنەوە، تا ئێستا (٤) نمایشی بۆ کتێبە خواردنەکانی کردۆتەوە و بۆتە جێگەی سەرنجی خەڵك و خوێنەران و کەسانی برسی.



## کاریکاتێر

ئەو کاریکاتێرە باس لە سەرکەوتنی مرۆڤ دەکات، کە پێویستە خۆی یەکلایی بکاتەوە لە نێوان حەز و ئارەزوو و بیرکردنەوەکانی خۆی، واتە دەبێ هاوسەنگی لە نێوان دڵ و عەقڵدا رابگریت.




پیاوێك ناوی ئەسعەد دەبێ و زمانی عەرەبییش نازانێت، جارێکیان دەچێتە بەغدا و لەوێ کاتێك دەیەوێت سواری پاس بێت، یەکێك پێدەڵێت: «حجی اصعد»، واتە: حاجی سواری پاسەکە بە، پیاوەکەش دەڵێ: قوربانی خۆم بم لە بەغداش ناوم دەزانن!

## فێڵکاریی چاو



لەم وێنەیەدا کۆمەڵێك پاندا هەن، کە هەموویان وەکو یەکن و تەنیا سەگێك لە نێواندا بەدی دەکرێت، هەوڵبدە لە ماوەی (٢٥) چرکەدا سەگەکە بدۆزیتەوە و شوێنەکەشی دیاری بکەیت.

## گەورەترین مەلەوانگە



ئەو مەلەوانگەیەی دەیبینن، دەکەوێتە شاری شانگین لە وڵاتی چین، کە دروستکراوی مرۆڤە و وەك دەریایەکی بچووك وایە، جێگەی سەدان کەس دەبێتەوە، پڕۆژەیەگی گەشتیارییە و لە بری ئەوەی هاووڵاتیانی وڵاتی چین بچنە سەر دەریا و دەرەوەی وڵات، بەڵکو دەتوانن لە نێو وڵاتی خۆیان بچنە نێو دەریا، ئەو دەریایە ئەوەندەی (٣) یاریگای تۆپی پێ دەبێت، رۆژانە کراوەیە بۆ هەموو کەسێك، بۆیە ئەوانەی دەیانەوێت بەشداری بکەن بە نرخی (١٠) دۆلارە و داهاتەکەشی بۆ چاککردنەوە و بەرەوپێشبردنی مەلەوانگەکەیە، لە رۆژانی پشوودا ژمارەیەکی زۆر گەشتیار و خەڵکی ئەو وڵاتە دەچنە نێو ئەو مەلەوانگەیە کە بە دەریای مردوو ناسراوە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە هەنگاوەکانت بیر و بۆچوونی خۆت هەبێ و شایستەی کەسایەتیت بەرز بێت، هەندێ لە کارەکانت بێزارت دەکەن، لە بواری سۆزدارییەوە ئەوەندە کاتت بەفیڕۆ مەدە، چونکە کات لەبەرژەوەندی تۆدا نییە، بۆیە هەوڵبدە بەبێ پیچ و پەنا هەستی خۆت بۆ کەسە دەرببڕیت کە دەمێکە دڵی لێ سەندووی.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەندێك لەو پەیامانەی بۆ ئەو کەسە دەنێریت بە هەڵە لێت تێدەگات، ئارام بگرە دڵت گەورە بێت، ماوەیەکی دیکە کارەکەت بە سەرکەوتوو بۆت دەبێت، لە بواری سۆزدارییەوە هەوڵبدە ئەوەندە هەستی دۆستەکەت بریندار نەکەی، ئەگینا بەیەکجاری لیت دەتۆرێت و لەدەستت دەچێت، لەبواری کاریشدا پێویستە زیاتر خۆت هیلاك بکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەندێ لە بڕیارت جێگەی نیگەرانیت دەبن و هۆکاریش دەبن بۆ ئەوەی بگەیت بە ئەنجامەکانت، کاری ئێستا فەرامۆش مەکە و زوو جێبەجێیان بکە، ئەمرۆ گوێبیستی هەواڵێکی هەڵبەستراو دەبیت و کاریگەرییەکی خراپ لەسەر باری دەروونیت جیدەهێڵیت، هەروەها پێویستە خۆت بپارێزی لە دەمەقاڵێ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

کاتێك دەتەوێت کارێك ئەنجام بدەیت، بەڵام دواتر کێشەت بۆت دروست دەبێت، واز لە کارەکەت مەهێنە و بەڵکو بەردەوام بە، راستییەك بێئومێد و بێ ورەت دەکات، بەڵام رۆژانی داهاتوو لەگەڵی رادێیت و خۆشحاڵ دەبین، بۆیە بەزیرەکی و پشوو فراوانی هەڵسوکەوت بکە با دوایی پەشیمان نەبیتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بە هەست و دڵەوە کار مەکە، بەڵکو بە عەقل و بیرکردنەوە هەنگاو بنێ، ساتە بەختێکی باش چاوەڕێتە و کەسێکیش نیازی وایە لێت نزیك بێتەوە، میزاجت باشتر دەبێت و لەوانەیە دیدارێکی گرنگ ساز بدەیت، یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەیت، یاخود پەیوەندییەکی نهێنیت بۆ دەوروبەر ئاشکرا دەکەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ماوەیەکە متمانەت بە خۆتە و رێگەی کەسانی دیکە نادەیت بێنە ناو کارەکانت، ئەوەش هەڵەیە و دەبێ راوێژ بکەیت، هەست بە چوست و چالاکی دەکەیت، بەڵام نەکەی بێ بیرکردنەوەیەکی باش هیچ کارێکی گرنگ ئەنجام بدەیت، ئارام وهێمنبە، چونکە لەوانەیە رووبەڕووی کەسێکی خراپ و ببیتەوە.

# تــــابــــــــلۆ



**ئیسکابیلیانا - روخساری ئافرەت**

شاکارێکی جوانی نیگارکێشی ئیتاڵی (لیۆناردۆ داڤنشی)یە، کە ساڵی (١٤٥٢) لە شاری ڤینسی ئیتاڵی لەدایك بووە، لە ساڵی (١٥١٩) کۆچی دوایی کردووە، یەکێك بووە لە نیگارکێشە هەرە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە، ئەو تابلۆیەی بە ناوی (ئێسکابیلیاتا)یە، واتا روخساری ئافرەتێك، لە تابلۆکەدا ئاماژە بە جوانیی ئافرەت دەکات و لە رووی نیگارکێشانیشەوە رەنگەکانی بە یەکسانی و جوانی دابەش کردووە، لەم تابلۆیەدا زیاتر هەستێکی فیزیۆلۆجی بەدی دەکرێت لە روخساری کەسەکەوە، ئەوەی جێگەی باسە داڤنشی گرنگیی تەواوی بە رەگەزی ئافرەت داوە، ئەو تابلۆیەی لە ساڵی (١٥٠٨) کێشاوە، کە تابلۆیەکی نایاب و بەهێزە لە جوانی کاری هونەر و وێنەکێشاندا.



## پەند و وتە


ویلیام شەکسپیر، نووسەری شانۆ و ئەکتەری ئینگلیزی کە ساڵی (١٥٦٤) لە شاری ستراتفۆرد لە بریتانیا لەدایك بووە و لە ساڵی (١٦١٦) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی رەوشت و هەست دەڵێ : پێویستە مرۆڤ سەربەرز بێت، بۆیە هەوڵبدە هەردەم رەوشتت بەرز بێت و رەوشتت بپارێزە، چونکە تاکە شتێکە کەس ناتوانێ دەستکاری بکات، پارێزگاری لە رەوشت و کەسایەتیت بکە، چونکە لە تۆ زیاتر دەژی و نازانی چ بەختێکی بۆت شاردۆتەوە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند شیکارێك هەن، هەوڵبدە بزانیت چەند ژمارە (٨)ی ئینگلیزی لە وێنەکەدایە، ماوەی (١) خولەك بدە خۆت و ژمارە (٨)ـەکان بژمێرە.





### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کێشە و گرفتەکانت مەخەرە سەر ئەستۆی کەسانی دیکەوە، هەوڵی ئێستات نابێ لە خۆتەوە ئەنجامی بدەیت و بیر لە داهاتووت بکەرەوە و ژیرانە بڕیار بدە، ئەم ماوەیە بە کێشەیەك سەر قاڵ دەبیت کە رەنگە ببیتە هۆی ئەوەی زۆر لە هاوڕێ و خۆشەویستەکانت لەبیر بکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کاری خۆت فەرامۆش مەکە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە هەندێ کارەکانت خەریکە تووشی بێ ئومێدی دەبیت و ئەو کاتە نابێ لە کارەکانت پاشگەز بیتەوە و بەڵکو بەردەوام بە، ئەم ماوەیە بەهۆی سەرکەوتنەکانت خەریکە لەخۆبایی دەبیتء ئەو کەسانە لەبیر دەکەیت کە هاوکارییان کردوویت لەبەدەست هێنانی سەرکەوتنەکانت، کەمێك ویژدانت ئاسوودە بکە و دڵت گەورە بێت.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

مەهێڵە کەسێکی نەناسراو بەشداری کارەکانت بکات، بەڵکو رێگە بەو کەسانە بدە کە نزیکی خۆتن، بەهۆی سەرکەوتنە بەردەوامەکانت لە کارەکەتدا رووبەڕووی چەند ناحەزێك دەبیتەوە کە چاویان بە سەرکەوتنەکانت هەڵنایەت، واباشترە بێ دەنگی هەڵبژێری چونکە بەپرسەکانت لەراستی تۆ تێدەگەن.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەو ماوەیە سەرکەوتنێکی باش بە دەست دەهێنیت، لەگەڵ کەسێکی نزیکت کێشە و گرفتت هەیە، بەڵام چارەسەر دەبێ، زۆر بە پەرۆشەوە کاردەکەیت و لەهەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیە پارەیەکی چاك بەدەست بهێنیت بەهۆی ئەو کارانەی کە دەیکەیت، ئەنجامی باشیشی دەبێت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بیر لە داهاتووت بکەوە و مەهێڵە کاتی ئێستات بە فیڕۆ بڕوات، ماوەیەکە دوو دڵی لە بڕیاردان و کارکردن، متمانەت بە خۆت بێت، پڕۆژەیەکی ئابووریء کۆمەڵایەتی بەنرخ چاوەڕێی ئامادەکردن و جێبەجێکردنە، هەوڵبدە بارودۆخێکی گونجاوی بۆ بڕەخسێنیت، تاوەکو بتوانیت سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەوەی لە دڵتە و لە مێشکتە، پێویستە جێبەجێیان بکەیت، داهاتووت بەندە بە ئێستاوە، کارێك مەکە لێی پەشیمان بیتەوە، هیچ بەڵێنێك مەدە کە گومانت هەبێت لە جێبەجێکردنی بەهۆی بارودۆخی ناجێگیرو نالەبارو ئەو گۆڕانکارییانەی لەم ماوەیەدا روودەدەن و رووبەڕووی کێشەت دەکەنەوە، بۆیە هەوڵبدە لەگەڵ واقیع مامەڵە بکە.